# ئەودڵەی.. پڕە لەگریان

**زانا سامان**

لێی نزیك دەبمەوە
هەوڵئەدەم
شتێکی لەبارەوە ببیستم
بەهێمنی وێنەی بگرمو
هەمووجارێکیش
بەقەد داگرتنی پەنجەکان
تۆخ..
هێڵکی لەسەر بکێشم،
ئاواتمە..
لەرێی خەنەکانمەوە
هەمیشە عاشقیبم
گوێ بۆ ترپەکانی رابگرم
دەخوازم..
پڕ بەخۆم بانگی بکەم
بەخۆیەوە
ناوی بهێنم
لەدووری هەناسەیەکەوە
پێمخۆشە بۆنی بکەم
یان ئەوەندەی ڕاچڵەکینێ
دەستی پێدابخشێنم
لەیەکدا ببین بەپشکۆ
تاگەیشتن بەخۆڵەمێشبوون،
لەنزیکەوە
لەگەڵ یەك ووتن

یەكتر داتاشین

لەنێو خوڕێتی باراندا

عەشقكردن لەگەڵ هەور

سەماكردن لەباوەشی

شنەی(با)دا

لێكحاڵیبوون

دوور لەچەوتی

پێكی تەمەن بخۆینەوە

پاسەوانی یەكتربكەین

پەرستگایەك لەخۆماندا

دروست بكەین

راهیبەكەی..

تكە شیعرێكی فێنكبێ.